گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة ڕابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(3).Paper18
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 25/09/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 11/12/2024
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/06/2025

# خزمەتگوزاری فێرکاری لە ناحیەی بەحرکە و کاریگەری لەسەر دابەشبونی دانیشتوان

**تە نکە عوسمان سعید[1] - فاطمة قادر مصطفى[2]**
fatma.qadr@uor.edu. -tnka.saeed@su.edu.krd
[1]بەشی جوگرافیا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2]بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
پەروەردە یەکێکە لەو پێوەرە گرنگانەی کە ئاستی گەشەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگای پێ پێوانە دەکرێت، هەروەها کلیلی گەشەسەندنی تاکەکانە بەگشتی، ئەزمونەکانی وڵاتانی سەردەم ئەم ڕاستییەیان سەلماندوە، گومانی تێدا نییە کە سەرەتای پێشکەوتنی ڕاستەقینە بریتییە لە پەروەردە و فێربون، چونکە پێگەیشتنی هەموو کۆمەڵگایەک شتێکە بەسەریدا سەپێنراوە، کە دەبێت بەدەستبهێنرێت. ئەویش ئەوەیە کە دەبێت بە دەروازەی فێربوندا تێبپەڕێت.لەم چوارچێوەیەدا، توێژینەوەی خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان لە دەڤەری بەحرکە، تێڕوانینێکی گشتیی تەواومان پێدەبەخشێت لەسەر ئاستی گەشەسەندنی ئەم خزمەتگوزارییە، هەروەها لەگەڵ گرنگی گەشەپێدانی کۆمەڵگاش بەتایبەتی. هەر بۆیە ناونیشانی (شیکاری خزمەتگوزاریی پەروەردەیی لە ناحیەی بەحرکە و کاریگەرییەکانی لەسەر دابەشبونی دانیشتوان) هەڵبژێردرا بەمەبەستی ڕۆشنکردنەوە لەسەر سروشتی خزمەتگوزاریی پەروەردەیی لەم دەڤەرە و ڕونکردنەوەی ڕۆڵی لە دابەشکردنی دانیشتوانی قەزاکەدا. لەسەر ئەم بنەمایە کێشەی ئەم توێژینەوەیە بەم شێوەیە کورت دەکرێتەوە: ئاستی خزمەتگوزاری پەروەردەیی لە ناحیەکە لە چ ئاستێك دایە؟ تا چ ڕادەیەک لەگەڵ پێوەرەکانی پلاندانان و پەروەردەدا دەگونجێن؟گریمانەی توێژینەوەکە ئەوەیە کە نایەکسانی لە دابەشکردنی خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان لە نێوان قوتابخانەکانی (سەرەتایی و ناوەندی) لەسەر ئاستی (شار و لادێ) لە ناحیەکە هەیە. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕوی وێنەیەکی ڕونە لە دابەشکردنی خزمەتگوزاریە پەروەردەییەکان، پاشان ڕۆڵی ئەم خزمەتگوزارییە و کاریگەرییەکانی لەسەر دابەشبونی دانیشتوان لە قەزاکەدا، توێژینەوەکە پشتی بە ڕێبازی (وەسفکردن و شیکاری) بەستوە، و سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوەکە، ناحیەی بەحرکە دەگرێتەوە کە دەکەوێتە باکوری شاری هەولێر. ڕوبەرەکەی (255) کم2 لە چوارچێوەی ماوەی توێژینەوەکەدا 2009-2023، لە کۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتوە بە کۆمەڵێک ئەنجام و پێشنیار.
**کلیلە وشەکان:** ناحیەی بەحرکە، خزمەتگوزاری، فێرکاری، دابەشبون، ناوەندی شوێن.

# A Geographical Analysis of the Potentiality of Educational Services in Bahrka Subdistrict and Its Impact on The Population Distribution

**Osman Saeed [1] - Fatima Qadir Mustafa[2]**

[1]Department of Geography, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of Geography, College of Humanities, Raperin University, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

Education is one of the most important criteria by which the level of development and progress of society is measured and it is also the key to the development of individuals in general, and the experiences of modern countries have proven this fact, as well as there is no doubt that the beginning of real progress is the education and learning, because the maturation of each society is imposed on it, which must pass through the gate of learning. In this context, the study of educational services in the Bahrka subdistrict gives us a complete overview of the level of development of this service, particularly the importance of the development of society.

Therefore, the topic; "A Geographical Analysis of The Potentiality of Educational Services in Bahrka Subdistrict and Its Impact on The Population Distribution" was chosen in order to highlight the nature of educational services in this place and clarify its role in the population distribution of Bahrka subdistrict. Therefore, the research problem is summarized as follows: what is the level of educational services in Bahrka subdistrict? To what extent may it fit into the planning and educational criteria? The hypothesis of the research is that there are differences in the distribution of educational services between schools (primary and secondary) on the base of;(urban and Rural) levels in Bahrka subdistrict. The main objective of this study is to provide a clear indication of the distribution of educational services, and then the role of this service and its impact on the distribution of the population in the study area, the study was based on a (descriptive and analytical) approach, and the study area is Bahrka subdistrict which located north of Erbil city. Its area is (255) km² within the framework of the study period) 2022-2009 (and at the end of the research, the study reached a number of conclusions and recommendations.

**Keywords:** Bahrka district, services, education, distribution, location center.

**پێشەکی:**

خزمەتگوزارییەکان بەگشتی و خزمەتگوزاری فێرکاری بەتایبەتی، یەکێکە لە و خزمەتگوزارییە گرنگ و کاریگەرانەی کە پێویستن بۆ مەبەستی بنیاتنانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی پێگەیاندنی ڕۆڵەکان بەشێوەی تەندروست، تا لەداهاتودا وەك کەسی سودمەند خزمەتی کۆمەڵگا و نیشتیمان بکەن، هەڵبەت پەرەسەندن و گەشەپێدانی بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری پەیوەستە بە ئاستی پەرەسەندنی توانستی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان، کە دانیشتوانی شار و گوندەکان پێویستیان پێیانە، لەبەر ئەوە بایەخ دان بەپلاندارێژی لە خزمەتگوزاری فێرکردن و توانستەکانی زەرورەتێکی گرنگن و فەراهەمکردنیان دەکەوێتە ئەستۆی لایەنی پەیوەندیدار، هەر بۆیە بونی (خزمەتگوزارییەکانی فێرکردن بە هەمو شێوەکانیەوە، لە کۆمەڵگەدا ڕاستەوخۆ سیمای گشتی ئەو کۆمەڵگایەی پێدیاریدەکرێت.

**ئامانجی توێژینەوە:**

دیاری کردن و هەڵسەنگاندنی توانستی خزمەتگوزارییە فێرکارییە لە ناحیەی بەحرکە، هەروەها خستنەڕوی کاریگەرییەکانی لەسەر دابەشبونی دانیشتوان لە ناحیەکەدا.

**گرنگی توێژینەوە:**

گەشەکردنی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا ڕۆلێکی گرینگیان هەیە لە پێشخستنی کۆمەڵگە.

**گرفتەکانی توێژەر:**

خۆی لەم خاڵانەدا دەنوێنێت:

أ-نەبونی سەرچاوەی زانستی پەیوەست بە ناوچەی لێکۆڵینەوە، ئەوەی هەیە متمانە خراوەتە سەر سەردانە گۆڕەپانییەکان و دامودەزگاکان حکومەت.

ب-کەموکوری لە پێدانی سەرچاوە ئامارییەکان کە جاری وا هەبوە، توێژەران لەپێناو ڕاستی و دروستی ئامار و داتاکان چەندین سەردانیان بۆ دامودەزگاکانی تایبەت بە ئامارکردوە لەپێناو بەدەستهێنانی وردی و گشتگیری لە ئامارەکانی پەیوەست بە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

**کێشەی توێژینەوە:**

1-ئایا خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان بەشێوەیەکی نارێك دابەشبون بەسەر یەکە کارگێرییەکانی ناحیەی بەحرکە؟ هەروەها دەگونجێ لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانەکەی؟

2- ئایا تا چەند خزمەتگوزارییە فێرکارییەکانی ناوچەکە خزمەتگوزاری گونجاو و پێویست پێشکەش بە دانیشتوانی ناوچەکە دەکەن؟

3-توانست و دابەشبونی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکانی ناوچەکە تا چەند گونجاوە لەگەڵ پێوەرەکانی پلاندانانی فێرکاری جیهانی و نێوخۆیی.

**گریمانەی توێژینەوە:**

1.ناچونییەکی هەیە لە دابەشبونی خزمەتگوزاری فێرکاری لەنێوان ناحیە و گوندەکانی ناوچەکە.

2.سروشتی ناوچەکە ڕێگرە لەبەردەم خزمەتگوزاری بە شێوەی پێشکەوتو.

3.دانانی پلان بۆ پەرەپێدانی خزمەتگوزاری فێرکاری لەناوچەکە دوچاری کۆمەڵێك گرفت دەبێتەوە.

**میتۆدی توێژینەوە:**

لە توێژینەوەکەدا متمانە خراوەتە سەر میتۆدی شیکردنەوە و بەراوردکاری هەروەها بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان GIS دیاریکردنی شوێنی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان و دروستکردنی نەخشەی ناوچەکە.

**پلانی توێژینەوە:**


لەپێناو پێکانی ئامانجی توێژینەوەکە، وادەخوازرێت دابەشبکرێت بۆ سەر (3) بەش کە پێکدێت لە: بەشی یەکەم بریتییە لە ناساندنی ناوچەی توێژینەوە کە لە دوباس پێکدێت باسی یەکەم: بریتییە لە ڕەهەندی جوگرافی، باسی دوەمیش: پێکدێت لە ناساندنی زاراوەکانی پەیوەست بەتوێژینەوەکە، لەکاتێکدا بەشی دوەم بریتییە لە خزمەتگوزارییەکانی فێرکاری لەناوچەی لێکۆڵینەوە و کاریگەری لەسەر دابەشبونی دانیشتوان، لە دو باس پێکدێت، باسی یەکەم: گەشەی دانیشتوان، باسی دوەم: تەکنیکەکانی بەکارهاتو لە توێژینەوە، بەشی سێیەم: هەڵسەنگاندنی توانستی خزمەتگوزارییەکانی فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە، لەکۆتاییدا توێژینەوەکە بە ژمارەیەك دەرئەنجام و ڕاسپاردەی زانستی گەیشتوە لەگەڵ لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.

**١_ ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە:**

**1.1 ڕەهەندی جوگرافی:**

ناحیەی بەحرکە یەکێکە لەناحیەکانی قەزای ناوەندی هەولێر کە دەکەوێتە بەشی باکوری لە ڕوی ئەسترۆنۆمییەوە، دەکەوێتە نێوان هەردو بازنەی پانی (٣٦:٢٧°- ٥٠: ٣٦°) باکور، هێڵەکانی درێژی (٩ : ٤٤° - ٤٨ : ٤٣°) ڕۆژهەڵات، وەك لە نەخشەی (١) تێبینی دەکرێت، سەبارەت بە پێگەی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگوێرەی یەکە کارگێرییەکانی دەوروبەری، سنوری باکوری بریتییە لە (ناحیەی دارەشەکران)، سنوری باشوری بریتییە لە (ناحیەی عەنکاوە)، بەڵام (قەزای دەشتی هەولێر) دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی (ناحیەی کەورگۆسك) سنوری ڕۆژئاوای ناوچەی لێکۆڵینەوە. پێگەی جوگرافی ناحیەی بەحرکە پێگەیەکی ستراتیژی گرنگی هەیە لەسەر نەخشەی پارێزگای هەولێر، چونکە بۆتە ناوەندی بەستنەوەی پەیوەندی شارێگای نێوان ناوەندی هەولێر و هەریەك پارێزگای دهۆك و قەزای شەقڵاوە و قەزای خەبات، لەبەر گرنگی ئەو پێگەیەش بۆتە فاکتەرێکی بەهێز و یارمەتیدەر بۆ زیادبونی ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان لە نێوان ئەم ناوچانە لەلایەك و هەروەها زیادبونی خواستی دانیشتوان بۆ مەبەستی نیشتەجێبون تێدا، شایەنی ئاماژەیە ناحیەی بەحرکە لە (١٣) گەڕەك پێکدێت و ژمارەی گوندەکانیشی بریتییە لە(٢٣) گوند (وەزارەتی ناوەخۆ، پارێزگای هەولێر، 2023، بڵاونەکراوە). لەسەر ئاستی ناحیەی بەحرکەدا، خزمەتگوزارییەکان بەگشتی و خزمەتگوزارییە فێرکارییەکاری، هەر لە دامەزراندنی ناحیەکە تاوەکو ئەمرۆ بایەخی پێدراوە وەك یەکێك لەخزمەتگوزارییە بنەڕەتی و پێویستەکان، لەبەرئەوەی ژمارەی خزمەتگوزارییەکانی فێرکردن لەسەر ئاستی ناحیەکە بەتایبەتی لەسەنتەری ناحیەکە بریتییە لە (١٩) قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی لەکاتێکدا باخچەی ساوایان لەسەنتەری ناحیەکە (٩) باخچە پێکدێت(٢) (حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، 2023، بڵاونەکراوە). سەبارەت بە گوندەکانیش ژمارەی خزمەتگوزاری فێرکاری بەگشتی بریتییە لە (٣) باخچەی ساوایان، بەڵام ژمارەی قۆناغەکانی ئامادەیی و بنەڕەتییەکان یەك لەدوای یەك بریتییە لە (٢٩) (چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ بەڕێز مامۆستا فەریق یاسین، ئامادەیی دارەبەنی کوران،٢٠٢٤/٢/١٠، شەممە). هەڵبەت بونی ئەم خزمەتگوزارییەش، یارمەتیدەرێکی باشە بۆ زیاتر پێگەیاندنی ڕۆڵەکانی ناوچەکە، کە لەبەشی داهاتو بەشێوەی تێروتەسەل ئامانجی لێکۆڵینەوەکەمان دەبێت.

نەخشەی (١) پێگەی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە سەر بە پارێزگای هەولێر




سەرچاوە: ئامادەکراوە لەلایەن توێژەران بە پشتبەستن بە سیستەمە زانیارییە جوگرافییەکان (GIS).

## ١_٢_ ناساندنی چەمکەکانی پەیوەست بە لێکۆڵینەوە:

## ١_٢_١-خزمەتگوزاری:

مەبەست لێی بریتییە لە کارێکی ئاراستەکراو بەشێوەی ڕاستەوخۆ بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی کەسەکان یان کەسێك کە داوای دەکات و پێویستی پێیە، بەگوێرەی خواست و ئارەزوکە ئەو خزمەتگوزارییە (ماددی یان نامادديیە) (الهیتی، ٢٠١٣، ١٨) لە چەمکێکی دیکەی خزمەتگوزاری، هۆکارێکی کاریگەرە بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی دانیشتوان لەدەوری خۆی، هەروەها گرینگترین پێوەرە بۆناساندنی شارو ئاستی پێشکەوتنی هەر شار ولاتێك لە ڕێگەی جۆری خزمەتگوزارییەکان هەڵسەنگاندنی بۆدەکرێت (رسول،٢٠١٦، ١١). هەروەها بریتییە لە کارێکی بەسود، ئامانجی باشترکردنی کوالێتی ژیانە بۆتاك و کۆمەڵگا زۆرجار کالای نامادی بەرهەم دێنێت، چونکە زۆرجار شارەزایی و لێهاتویی گروپە ڕاهێنراوەکانی زانستی و کردەیی بۆ خەڵکی گشتی و خەڵکی ناوەخۆیی و ناوچەیی دابیندەکات یان دەزگا و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان.(الهیتی،٢٠١٣، ١٨). لە کۆتایی ئەو چەمکەی خزمەتگوزاری بریتییە لە کارێکی ئاڕاستەکراو بەمەبەستی خزمەتکردنی تاك و کۆمەڵگا لەهەر ناوچەیەك یان هەرێمێکدا.

جوگرافیای خزمەتگوزاری کە بایەخ بەهەلی فێرکردنی دانیشتوان دەدات، پێداویستی پەروەردە و فێرکردنی ئینتیمای نەتەوەیی مسۆگەر دەکات، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش بەشداری دەکات لەچارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان هەروەها کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی ڕۆشەنبیریکردنی تاك.(مصلحی،٢٠٠٧، ٣١١).

گرینگترین خزمەتگوزارییەکانی فێرکاری بریتین لە:

**١_٢_١_١-باخچەی ساوایان:**

ئەم قۆناغە وەك سەرەتایەك وایە بۆ ئامادەکردنی منداڵ بۆ چونە خوێندن و ئامادەکردنی بۆئەوەی لەقوتابخانەی سەرەتایی وەربگیرێت و دەست بەفێربون بکات لەتەمەنی (٤-٥) ساڵی دەچێتە باخچەی ساوایان و تا فێری زانیارییە سەرەتاییەکان بکرێت، چونکە لەڕوی هزری و جەستەیی گەشەیپێدەدرێت.(شقیری،٢٠٠٩، ٦٣).

**١_٢_١_٢-قۆناغی بنەڕەتی:**

ئەم قۆناغە بەبنچینەی دامەزراوە فێرکارییەکان دادەنرێت کە منداڵان ڕوبەڕوی دەبنەوە لە ژیانی خوێندندا، ئەم قۆناغە دابەشدەبێت بۆ دو بازنەی سەرەکی، بازنەی یەکەم، لەم بازنەیەدا قوتابی لە تەمەنی (٦) ساڵە، کاتێك دەست بەخوێندن دەکات، ئەم بازنەیە قۆناغی یەکەمی بنەڕەتی تاوەکو شەشەمی بنەڕەتی، بازنەی دوەم، ئەم بازنەیە قۆناغی حەوتەمی بنەڕەتی تاوەکو نۆی بنەڕەتییە، لەم (٩) ساڵەی خوێندن تەمەنی قوتاب ی(٦-١٥) ساڵە، ئەم قۆناغەش بە بنەمایەکی گرنگ دادەنرێت بۆ تەواوکردنی قۆناغەکانی دی.(الدلیمی،٢٠٠٩، ٨٩).

**١_٢_١_٣-قۆناغی ئامادەیی:**

بریتییە لەو قۆناغەی کە لەدوای قۆناغی(٩) بنەڕەتی دەستپێدەکات،کە تەمەنی لە نێوان (١٦-١٨)ساڵی دایە، قۆناغی ئامادەیی دابەشدەبێت بۆ دو بەش (بەشی وێژەیی و بەشی زانستی) کە هەریەك لەم بەشانە خۆی لە چەندین جۆری جیاواز لەبابەتەکان دەبینێتەوە، فیرخواز لەم قۆناغەدا ئامادەدەکرێت لەڕوی فێرکردنەوە، بۆئەوەی بتوانێت ڕو لە پەیمانگا و زانکۆکان بکات و درێژە بەفێربون بدات (محمد و کریم،٢٠٠٢، ٢٦).

**٢_خزمەتگوزارییەکانی فێرکاری لەناوچەی لێکۆڵینەوە و کاریگەری لەسەر دابەشبونی دانیشتوان:**

باسی یەکەم: گەشەی دانیشتوان.

باسی دوەم: تەکنیکەکانی بەکارهاتو لەتوێژینەوە.

**٢_١ گەشەی دانیشتوان:**


لێکۆڵینەوە لەگەشەی دانیشتوان گرینگیەکی گەورەی هەیە لەبەرئەوەی لەبنەڕەتدا بەشداری سەرەکی دەبێت لە بواری پلاندارێژی بە هەردو کەرتی ئابوری و کۆمەڵایەتی،کە پلاندانان بۆ هەریەك لەبازاڕی کار و پلاندانان لەبواری فێرکاری پشتی پێدەبەستێن. (سمحە،٢٠٠٩، ٢٠٨). توێژینەوەش لەبواری خزمەتگوزاریدا دەبێت لەسەرەتادا بەدانیشتوان دەستپێدەکات، لەبەرئەوەی جوگرافیای دانیشتوان تێکەڵەیەکی گەرمی هەیە لەگەڵ جوگرافیای خزمەتگوزاری (١٢).(غەفور،٢٠١٢، ١٩).

لە تێبینیکردنی (خشتەی-١-) و (شێوەی (1)) گەشەی دانیشتوانی ناحیەی بەحرکە ڕوندەکاتەوە بەجۆرێك لەماوەی نێوان (٢٠٠٩-2023)، ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە(٤٤٩٨٣)کەس بونەتە (٥٩٤٣٨) کەس، هەڵبەت هۆکاری سەرەکی زیادبونی ژمارەی دانیشتوان لەم ماوەیەدا بۆ کاریگەری دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بنەڕەتییەکان دەگەڕێتەوە، سەرەڕای پێگەی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆتە ناوەندی بەستنەوەی هاموشۆ و پەیوەندییە بازرگانییەکان لەنێوان ناوچە جیاجیاکان، ئەمە زیاتر وای کردوە سەرنجی دانیشتوان بۆلای خۆی کێش بکات و خواست لەسەر کڕینی خانوەکانی نیشتەجێبون لەم ناوچەیەدا زۆرتربێت، لەلایەکی دی، زۆربەی ئەو خێزانانەی کە لە ڕاگواستنی ساڵی (١٩٨٨) ناوچە سنورییەکان بەتایبەتی ناوچەکانی (مێرگەسور-بارزان) ئەنفال بەدناوەکەی (١٩٨٣)، زۆربەیان لەنێو کۆمەڵگای بەحرکە مانەوە و لەوێ بەردەوامبون لەژیان و جێگیربون[i] (لێکۆڵینەوەی گۆڕەپانی ٢٠٢٤/١/١٠).

خشتەی-١-ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی بەحرکە لەسەرئاستی شارنشین و گوندنشین لەماوەی (٢٠٠٩-20

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوانی شارنشین | ژمارەی دانیشتوانی گوندنشین | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | ٢٧٩٩٦ | ١٦٩٨٧ | ٤٤٩٨٣ |
| ٢٠١٢ | ٣٠٤٤٢ | ١٨٤٧١ | ٤٨٩١٣ |
| ٢٠١٥ | ٣٢٩٧٦ | ٢٠٠٠٨ | ٥٢٩٨٤ |
| ٢٠١٧ | ٣٤٦٧٨ | ٢١٠٤١ | ٥٥٧١٩ |
| ٢٠١٩ | ٣٦٢٥٦ | ٢١٩٩٩ | ٥٨٢٥٥ |
| ٢٠٢٣ | ٣٦٩٩٢ | ٢٢٤٤٦ | ٥٩٤٣٨ |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی کار. ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی بەحرکە، چاپکراوە و بڵاونەکراوەتەوە.




سەرچاوە: خشتەی (1).

## ٢_٢_تەکنیکەکانی بەکارهاتو لە توێژینەوەکەدا:

### ٢_٢_١-ناوەندی شوێنی:

مەبەست لەناوەندی شوێنە ئەو خاڵەیە کە نێوەندگیری کۆمەڵێك دیاردە دەکات، هەروەها سودی لێوەردەگیرێت، بۆ بەراوردکردنی نێوان دابەشبونی ڕەگەزەکانی دو دیاردە یاخود زیاتر لەشوێنێك یاخود بۆدیاریکردنی گونجاوترین شوێن بۆ ڕەگەزێك کە پێویستە شوێنێکی ناوەندی هەبێت.(شعادە،٢٠٠٢، ١٩٧).ئەمەش لە ڕێگەی هەژمارکردنی ناوەندی تەوەرەی (x) و تەوەرەی (y) یە. (علی،2023، ٩٦).


لە نەخشەی (٢) و (3) گرنگترین تایبەتمەندی دابەشبونی شوێنی دامەزراوە پەروەردەییەکانی ناحیەی بەحرکە، بەپێی ئەو پێوەرەی سەرەوە نیشان دەدات، بەو هۆیەوە بەم ئەنجامە دەگەین:

1- تێکڕای ناوەندی شوێنی قوتابخانەکانی بنەڕەتی و قۆناغە سەرەتاییەکان لە نزیک یەکترەوەن لە گەڕەکی کانییە، بەنسبەت سەنتەری شار و لە گوندی دارەبەندیش بەنسبەت گوندەکانەوە، و ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو قوتابخانەیانە لە نزیک یەکترەوە لە ناو گەڕەکە تایبەتەکانی شار و گوندەکانی ناوچەی توێژینەوە ڕێکخراون و دابەشکراون.

2- سەنتەری شوێنی بۆ باخچەی ساوایان و قوتابخانە و قوتابخانە ئامادەییەکان لە یەکترەوە نزیکە لە شوێنێک لە ناوەڕاستی گەڕەکی (برایەتی) لە گەڕەکێک بەرەو ناوچەکانی ناوەڕاستی شارەکە، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کاریگەری لەسەر بوە بە نەبونی باخچەی ساوایان و قوتابخانەی ناوەندی و قوتابخانەی ئامادەکاری لە ناوچەکانی باشوری شارەکە و بەشی باکوری گوندەکانی ناحیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کەمیی باخچەی ساوایان و قوتابخانەی بنەڕەتی لە گەڕەکەکانی باشوری شارەکەدا و گوندەکانی باکوری ناحیەکە.


3- لێکنزیکبونەوە لە شوێنەکانی تێکڕای ناوەندی دامەزراوە خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان ئاماژەیەکی ڕونە بۆ سروشتی دابەشبونی نزیکی ئەم دامەزراوانە، کە کاریگەری چڕی دانیشتوانی لە گەڕەکە کۆنەکاندا لەسەرە.

نەخشەی (2) ناوەندی شوێنی دامەزراوەکانی خزمەتگوزاری فێرکاری لە سەنتەری ناوچەی توێژینەوە 2023




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بە ستن بە بەرنامە ی (Arc Gis 10.8).

نەخشەی (3) ناوەندی شوێنی دامەزراوەکانی خزمەتگوزاری فێرکاری لە گوندەکانی ناوچەی توێژینەوە 2023



سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە بەرنامەی (Arc Gis 10.8).

**٢_٢_٢_ئاراستەی دابەشبون:**

بریتییە لەدیاریکردنی ئاراستەی دابەشبونی ڕەگەزەکانی دیاردەکە، میکانیزمی پێوانەکردنی ئاراستەی دابەشبون لەناو سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان(GIS)، هاوشێوەی میکانیزمی دوری پێوانەییە، بەڵام لەژمێرەکردندا جیاوازە لەگەڵ دوری پێوانەیی بەڵام لەبەرئەوەی ژمارەی مەودای پێوانەی لەدو ئاراستەی جیاواز دایە، یەکێکیان لەسەر تەوەرەی (x) ئەوەی تر لەسەر تەوەرەی (y)یە. (ڕواندزی، 2023، ٣٠). نەخشەی (٢) دابەشبونی جوگرافی خزمەتگوزارییەکانی فێرکاری ڕوندەکاتەوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستی ناحیەکە.

لە خشتەی (٢) و (٣) و (٤)، کە ئاراستەی دابەشکردنی دامەزراوە خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان لە ناحیەی بەحرکە بۆمان دەردەکەوێت کە:

1- ناتەبایی لە بەهای ڕەهەندەکانی شێوەی هێلکەییدا هەیە، کە ئاراستەی دابەشکردنی دامەزراوەکانی بۆ هەر قۆناغێکی خوێندن لە ناوچەی توێژینەوە دیاریکردوە.

2- بڵاوبونەوەی خزمەتگوزاری فێرکاری لە سەنتەری ناوچەی توێژینەوە شێوەی هێلکەیی وەردەگرێت، ئاراستەکەی بەرەو باکور و ڕۆژئاوا مەیلی هەیە، بە بەهای خولانەوەی (164.53) پلە لە ئاراستەی باکورەوە، بەمەش (30.52%)ی ژمارەی دامەزراوەکانی خزمەتگوزاریەکە دەورەدەدات. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە گەڕەکەکانی باشور و ڕۆژئاوای شارەکە بێبەشن لەو خزمەتگوزاریانە،

هەرچەندە زۆرترین چڕی دانیشتوانیان لە سەنتەری شارەكەدا هەیە، نەبونی شوێنی چۆڵ لەو گەڕەكانە لەلایەک و نزمی ئاستی ئابوری دانیشتوانی شار ئەم گەڕەكانە لەلایەكیترەوە ڕێگرن لە بونی دامەزراوەی فێركاری لە ناوچەكە.

3- ئاراستەی ڕاستەقینەی شێوازی بڵاوبونەوەی خزمەتگوزاری فێركاری لە گوندەكانی ناوچەی توێژینەوە، تەشەنەكردنی قوتابخانە بنچینەییەكانی خوارەوە لە شاری خەبات لە نێوان باكور و ڕۆژئاوا درێژدەبێتەوە بە بەهای خولانەوەی (151.62) پلە لە ئاراستەی باكورەوە، كە شێوەی هێلكەیی وەرگرتوە لە شێوەی بازنەیی نزیكبوەتەوە، وەک چۆن دەوری (15،69%)ی دامەزراوە پەروەردەییەكانی ناوچەكەی داوە، هەریەكە لە گوندەكانی بەشی ڕۆژهەڵات و باشوری ناوچەی توێژینەوە بێبەشن لەو خزمەتگوزاریانە.

خشتەی (2) بەهای پێوەرەكانی ئاراستەی دابەشبون بۆ دامەزراوە خزمەتگوزارییە پەروەردەییەكان لە ناحیەی بەحركە لە ساڵی 2023

| خزمەتگوزاری فێركاری | بەهاكانی پێوەری ئاراستەی دابەشبون | | | ڕێژەی سەدی ژمارەی یەكەكانی ناو شێوەی هێلكەی |
|---|---|---|---|---|
| | (متر)Xبەهای | (متر)Yبەهای | بەهای خولانەوە | |
| لەسەر ئاستی (سەنتەر) | 567.12 | 923.54 | 164.53 | 30.52 |
| لەسەرئاستی (گوندەكان) | 6524.47 | 7397،64 | 151.62 | 15.69 |

سەرچاوە: كاری توێژەران بە پشت بەستن بە بەرنامەی (Arc Gis 10.8).

## ٢_٢_٣_دوری پێوانەیی:

ئەم پێوەرە هاوشێوەی پێوەری لادانی پێوانەییە و یەكێكە لە دیارترین پێوانەكانی بڵاوبونەوەی دیاردەكە لە شوێنێكی دیاریكراو، ئەم پێوەرە لەلایەن زۆرێك لە جوگرافیزانان بەكارهاتوە بۆ دیاریكردنی شێوازی دیاردەكان و نواندنیان لەسەر نەخشەدا بە مەبەستی وەسفكردنی بڵاوبونەوەی خاڵەكان لەدەوری تێكرای شوێندا، دەتوانرێت بەشێوەیەكی گرافیكی نیشان بدرێت، بەكێشانی بازنێك بەناوەندێكی مام ناوەندی بۆشایی ئەنجامەكە لەكۆتاییدا شێوەیەكە كە (٪68.27)ی بەهاكان لە نێو تیشكی ڕەهەندی ستاندارد نیشان دەدات و ئەم ڕێژەیە سروشتیی پەیوەندی نێوان تێكڕای حیسابی و لادانی ستاندەری هاتوە، ئەگەر توخمی دیاردەكان (68.27%) توخمەكان بەشێوەی سروشتی دابەشبون ئەگەر لەو ڕێژەیە كەمتربو ناسروشتییەكە كاریگەرە بە فاكتەری ترەوە (١٦). (جەوهەر،٢٠٢٣، ٥٨٩)دەكرێت دوری پێوانەیی هەژماربكرێت، لەرێگای ئەم هاوكێشەیەی خوارەوە: (عبدالرحمان،٢٠١٦، ١٢٩)

SD=(∑▒〖(Xi-X^- )^2 〗 )/n

SD=((Yi-Y^-)/n)^2

لە نەخشەی (3) و (4) و خشتەی (3)، بەدەردەكەوێت كە:

1- شێوازی دابەشبونی دامەزراوەكانی خزمەتگوزاری فێركاری لە سەنتەری ناوچەی توێژینەوە، بریتییە لە (8%)ی دامودەزگاكانیان لە چوارچێوەی بازنەی پێوانەی، لەسەر ڕوبەری (184.48) هێكتار، كە دەكەوێتە ناو بازنەكەوە لەگەڵ دوری پێوانەی (766.33) مەتر.

2- شێوازی دابەشبونی دامەزراوەکانی خزمەتگوزاری فێرکاری لە گوندەکانی ناوچەی توێژینەوە، بریتییە لە (10%)ی دامودەزگاکانیان لە چوارچێوەی بازنەی پێوانەی، لەسەر ڕوبەری (152.82) هێکتار، کە دەکەوێتە ناو بازنەکەوە لەگەڵ دوری پێوانەی (6974.73) مەتر.

لە سەرەوە دەتوانین بگەین بەوەی کە شێوازی دابەشکردنی خزمەتگوزاری فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە بەپێی پێوەری دوی پێوانەی نەخشێکی پەرشوبڵاو وەردەگرێت، و هۆکاری بونی ئەو شێوازەش دەگەڕێتەوە بۆ گەشەی ناحیەکە و بەهۆی بارودۆخی نیشتمانی و سیاسی و جیاوازی جۆری لێکۆڵینەوەکە شایەتحاڵی بوە. واتە پلان لە دروستکردنی قوتابخانەکاندا نییە کە لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانەکەدا بگونجێت.

خشتەی (3) بەهاکانی پێوەری دوری بۆ دامەزراوە خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە ناحیەی بەحرکە لە ساڵی 2023

| خزمەتگوزاری فێرکاری | دوری پێوانەیی (مەتر) | ژمارەی دامەزراوەکان لەناو بازنەدا | ڕێژەی سەدی ژمارەی دامەزراوەی خزمەتگوزاری لەناو بازنە و نیوەتیرەی دوری پێوانەیی | ڕوبەری بازنە (هکتار) |
|---|---|---|---|---|
| سەنتەر | 766.33 | 17 | 8 | **184.48** |
| گوندەکان | 6974.73 | 17 | 10 | **152.82** |

سەرچاوە: نەخشەی (3) و خشتەی (4).

**٢_٢_٤_پشتێنەی کاریگەر:**

یەکێکە لە گرینگترین ئەگەرەکانی شیکردنەوەی شوێنی لە سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکاندا، بۆ پێوانەکردنی ماوەی ڕوبەری کاریگەر بۆ پەیوەندی خزمەتگوزارییەکان ئەمەش بەکاردەهێنرێت بۆ دەستنیشانکردنی کەموکوریەکان لە دابەشبونی ئەم خزمەتگوزارییەوە و جوداکردنەوەی ئەو ناوچانەی کە بێبەشن لە خزمەتگوزارییەکان ئەویش بریتییە لە سنورێك لە دورییەکی دیاریکراو بە دەوری دیاردەکە وا دەکێشرێت و شێوەی دیاردەکە وەردەگرێت ئەم سنورە یان ئەو پشتێنەیەش لە سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان بەگوێرەی پێوەرێکی دەستنیشانکراو دیاریدەکرێت.(کارەش،٢٠١٥، ٨٥)

لە خشتەی (4) و نەخشەی (5) و (6) و (7)، (کە بۆ نیشاندانی دامەزراوە خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە ناحیەی بەحرکە دارێژراون)، دەتوانین بەم ئەنجامانە بگەین:

1- ڕوبەری کاریگەری قوتابخانەکانی باخچەی ساوایان دەگاتە (57) هێکتار، واتە نزیکەی (4.76%)ی کۆی ڕوبەری شارەکە، کە کەمترین ڕێژەیە لە نێو خزمەتگوزارییەکانی خوێندنی ناوەندی لە شارەکەدا. بەم شێوەیە 95.24%ی شارەکە بەدەست کەمی باخچەی ساوایانەوە دەناڵێنێت.

سەبارەت بە قوتابخانە بنەڕەتییەکان، ڕێژەیان لەوەی پێشتر باشترە، بەو پێیەی ڕوبەری کاریگەریان دەگاتە (616) هێکتار، کە نزیکەی نیوەی ڕوبەری شارەکەیە (52.67%)، واتە (47.33%)ی شارەکە لەو خزمەتگوزارییە بێ بەشە.

2- ڕوبەری کاریگەری قوتابخانە ئامادەییەکان دەگاتە (378) هێکتار کە دەکاتە (32.32%)ی کۆی ڕوبەری شارەکە، بۆیە بۆمان دەردەکەوێت کە شارەکە بەدەست کەموکورتییەکی زۆرەوە دەناڵێنێت لە قوتابخانە ئامادەییەکان. کە دەکاتە (67.68%)ی ڕوبەری شارەکە.

پێوانەی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە ناوچەی توێژینەوە، بەدەست خراپی دابەشکردنی جوگرافیای ئەو خزمەتگوزارییانە دەناڵێنێت، ئەمەش پێویستی بە دوبارە دابەشکردنەوەی فەزایی ئەو دامەزراوانە بەشێوەیەک هەیە کە خزمەت بە هاووڵاتیانی نیشتەجێی شارەکە بکات، ئەمە جگە لەوەی کە توانای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری فێرکاری هەبێت.

خشتەی (4) بەهاکانی شیکردنەوەی پشتێنەی کاریگەر بۆ دامەزراوە خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە ناحیەی بەحرکە لە ساڵی 2023

| خزمەتگوزاری فێرکاری (سەنتەر) | ڕوبەری پشتێنەی کاریگەر/ هێکتار | ڕێژە لە ڕوبەری ناوچەی توێژینەوە % | ڕێژەی کەلێن % |
|---|---|---|---|
| باخچەی ساوایان | 57 | 4.76 | 95.24 |
| بنەڕەتی | 616 | 52.67 | 47.33 |
| ئامادەیی | 378 | 32.32 | 67.68 |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە بەرنامەی (Arc Gis 10.8).

**٢_٢_٥_پەیوەندی نزکترین هاوسێ:**

یەکێکە لە گرینگترین ڕێگا ئامارییەکان کە جوگرافیناسەکان پشتی پێدەبەسترێت بۆ دیاریکردنی شێوازی دابەشبونی دیاردە خاڵییەکان لە ڕوبەرێکی دیاریکراو، چونکە ئەنجامی ورد دەدات بەدەستەوە لەلایەن دەرخستنی بۆ پەیوەندی شوێنی نێوان توخمەکانی دیاردەکە لە هەمان کاتدا مەودای بڵاوبونەوەی یان گردبونەوەیان(١٨).(ناجی،٢٠٠٠، ٢٢).

هەروەها شێوازێکی باویشە لە نێوان جوگرافیناسەکان کە بەکاردێت بۆ پێوانەکردنی مەیلی ناوەندی لە شێوازی خاڵدا (فرە مەودایی) کە میکانیزمی ژماردنی گریمانەی نزکترین هاوسێ پەیوەستە بە بەراوردکردنی چری دابەشکردنی خاڵەکان بە ناوچەی خوێندن، پاشان تێکرای مەودای نێوان خاڵەکان.ئەو خاڵەی کە پێوەی بەستراوەتەوە بژمێردرێن ئەگەر تێکڕای مەودای ژمێردراو گەورەتربێت لە تێکرای چاوەروانکراو لە دابەشکردنەکە هەر یەکە، واتە دابەشکردنی دیاردەی لێکۆڵینەوە بریتییە لە دابەشکردنی پەرتەواز لە نێوانیاندا شێوەی دابەشکردن دابەشکردنێکی هەرەمەکی ناودەبردرێ بەهای گریمانەی نزیکترین هاوسێ لە نێوان (سفر-2.149) شێوازی لەیەك دور دەنوێنێ بەڵام ئەگەر بەهاکەی گەیشتە (1) دابەشبونی هەڕەمەکی دەنوێنێ، گریمانەی نزیکترین هاوسێ بەپێی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە پێوانەدەکرێت(١٩).(یوسف،٢٠١٦، ٨-٩).

R=2d√(N/A)

R=بەهای پەیوەندی هاوسێ

H=تێکرای دوری خاڵەکانی نێوان دیاردەکە

N=ژمارەی خاڵەکان

A=ڕوبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە

لە خشتەی (5) شێوەی (2) دەردەکەوێت کە، ئەنجامی بەکارهێنانی گریمانەی نزیکترین دراوسێ بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە بەو شێوەی خوارەوەیە:

بەهای پێوەری (Z Score) بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری لە سەنتەری ناوچەی توێژینەوە دەگاتە (1.74)، کە دەکەوێتە دەرەوەی پشتێنەی ناچاری (-2.58) و (2.58)، بەهای پێوەری (P value)ی دەگاتە (0.08) واتە دەکەوێتە ناوچەی ڕەتکردنەوە بۆیە


ئێمە گریمانەی سەرەتایی ڕەتدەکەینەوە، و گریمانە بەدیلەکە قبوڵ دەکەین کە شێوازی دابەشکردنی قوتابخانەکانی باخچەی ساوایان و بنەڕەتی و ئامادەییەکان بەپێی هەندێک هۆکار ڕێکخراوە. بۆیە گریمانەی جێگرەوە قبوڵ دەکەین، نرخی شیکردنەوەی پەیوەندی هاوسێیەتی دەگاتە (1.22) بۆ گوندەکانی ناوچەی توێژینەوە دەگاتە (1.11) ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە شێوازی دابەشبونەکەیان شێوازێکی لەیەك نزیکی نارێکە، بەهای پێوەری (Z Score) بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری لە گوندەکانی ناوچەی توێژینەوە دەگاتە (0.91)، بەهای پێوەری (P value)ی دەگاتە (0.26) ئاستی متمانە ئاماژە بەوە دەکات کە هیچ ئەگەرێک نییە (0%) کە هەڵەیەک لە ڕەتکردنەوەی گریمانەی سەرەتایی و قبوڵکردنی گریمانەی جێگرەوەدا هەبێت، واتە ئەگەری (100%) هەیە کە شێوازی دابەشکردن بۆ باخچەی ساوایان و قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی لەیەك نزیکی هەڕەمەکییە.

خشتەی (5) دەرئەنجامی پەیوەندی هاوسێیەتی خزمەتگوزاری فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە 2023

| خزمەتگوزاری فێرکاری | بەهای پەیوەندی هاوسێیەتی | Z Scoreبەهای پێوەری | بەهای پێوەری )P value( | ئاستی باوەڕپێکراو |
|---|---|---|---|---|
| سەنتەر | 1.22 | 1.74 | 0.08 | پەسند نەکراو |
| گوندەکان | 1.11 | 0.91 | 0.36 | پەسند نەکراو |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە بەرنامەی (Arc Gis 10.8).

شێوەی (2) دەرئەنجامی پەیوەندی هاوسێیەتی خزمەتگوزاری فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە 2023




سەرچاوە: خشتەی.(5)

## 3 _ هەڵسەنگاندنی توانستی خزمەتگوزاری فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە:

بە پشت بەستن بە کۆمەڵێک پێوەر هەڵسەنگاندن بۆ توانستی خزمەتگوزاری فێرکاری دەکەین لە ناوچەی توێژینەوە. بەم شێوەیەی خوارەوە: خشتەی.(6)

### 3_1 پێوەرەکانی فێرکاری:

_باخچەی ساوایان:

ژمارەی باخچەی ساوایان لە ناوچەی توێژینەوەکە دەگاتە (3)، (2) دانەیان لە سەنتەری ناوچەی توێژینەوەن و (1) دانەش لە گوندەکانی ناوچەی توێژینەوە هەیە، لەگەڵ (819) خوێندکار لە سەنتەر کە زۆرترن لەو پێوەرەی کە بۆی دانراوە، واتە لەگەڵ پێوەر ناگونجێت، بەڵام ژمارەی پۆل و مامۆستا لەگەڵ پێوەر دەگونجێت، و (46) خوێندکار لە گوندەکانی ناوچەی توێژینەوە. کە کەمتریشە لەو پێوەرەی کە بۆی دانراوە، بەڵام ژمارەی مامۆستای کەمترە لەو پێوەرەی کە بۆی دانراوە.

_قوتابخانەی بنەڕەتی:

ژمارەی قوتابخانە بنەڕەتیەکان(١-9) (11) قوتابخانەیە لە سەنتەری ناوچەی توێژینەوە، کە ژمارەی خوێندکاران بە بەراورد بە پێوەر لە (3) زیاترە لەو ژمارەیەی کە بۆی دانراوە، وە (8) لە قوتابخانەکان لەگەڵ پێوەر دەگونجێن، و (7)دانەش لەگەڵ پێوەری ژمارەی پۆل ناگونجێت، و (3)دانەش لەگەڵ پێوەری ژمارەی مامۆستا ناگونجێت و کەموکورتی تێدایە. بەنسبەت گوندەکانیش کە ژمارەیان (9) قوتابخانەیە، پێوەری ژمارەی قوتابی و پۆل لەگەڵ پێوەر دەگونجێت و کەموکورتی نییە، بەڵام پێوەری ژمارەی مامۆستای لە (7) قوتابخانە ناگونجێت لەگەڵ پێوەر واتە کەمی ژمارەی مامۆستا لەو قوتابخانانەدا هەیە بەشی ژمارەی قوتابییان ناکات.

_قوتابخانەی ئامادەیی:

بەسەیرکردنی خشتەی (6) بۆمان دەردەکەوێت کە بەپێی پێوەرەکان ژمارەی قوتابیان لە قوتابخانەکانی سەنتەری ناوچەی توێژینەوە تەنها یەك قوتابخانە ژمارەی قوتابیانی لە پێوەر زیاترە، بەڵام ژمارەی پۆل و مامۆستای لەگەڵ پێوەر گونجاون، لە گوندەکانی ناوچەی توێژینەوە ژمارەی قوتابیان و ژمارەی پۆل گونجاون لەگەڵ پێوەر لە (4) قوتابخانەدا، بەڵام ژمارەی مامۆستای لەگەڵ پێوەری مامۆستا ناگونجێت، تەنها لە یەك قوتابخانە نەبێت کە ئەرێنیە.

خشتەی (6) هەڵسەنگاندنی توانستی خزمەتگوزاری فێرکاری بە گوێرەی پێوەرە فێرکارییەکان لە ناوچەی توێژینەوە 2023

